www.kurdistannet.org
31-7-2006 21:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆچی برا عەرەبەکان دیسان؟!! ... تاڤگە سابیر

ئەو قەیرانە هەمە لایەنییەی ئەمڕۆ گەلی عەرەبی تێکەوتووە، واخەریکە لەنێویدا دەخنکێ ئەو پێکناکۆکەی خستوتە بارێکی ئەوهەندە ئاڵوز، لەو باوەڕەدام کەس ئێرەیی بەوەزع و حاڵیاندا نابات. دیارە ئەو کەسەیش کە دەکەوێتە حاڵی خنکان بەهەموو گڕوتین و پاشماوەی هێزییەوە پەلاماری هەموو لایەکی خۆی دەدات، بەڵکو هیچ نەبێ ئەگەر دەستیشی لەشتێک گیر نەبێ خۆی پێ رزگار بکات، کەسێک یان کەسانێکی بەر چنگ بکەوێ تا لەگەڵ خۆیا بیخنکێنێ. ئەمڕۆ "عەرەب" لەهەر چوار لای جیهانەوە، بوتە سەرچاوەی ئاژاوەو پشێوی و کوشیار کە دوا داهێنانی بیری نەخوشیان (خۆتەقاندنەوەو ئوتۆمبێل تەقاندنەوەیە) . نوکتەیەکی کۆنم لە بیرە هەرچەندە تۆزێکی زۆری لەسەر نیشتووە، بەڵام پێدەچێ بۆ هەموو زەمەنێک "تا عەرەب" مابێ گونجاو بێ، دەڵێن جارێکیان کوردێکی داماوو عەرەبێکی باشوری عێراقیان بەیەکەوە برد تالە سێدارەیان بدەن، وەکو دڵنەوایی کردنێک بۆیان لێیان چوونە پێش و بە کوردەکەیان گوت؛ کاکە تۆ دوا ئاوات و داواکاریت چییە لەم دوا ساتانەی ژیانتدا؟ کوردەکەش گوتی ئەگەر بۆم جێبەجێ بکەن دەمەوێ دوا جار چاوم بە هاوسەرو منداڵەکەم بکەوێ و دوا ماڵئاواییان لێبکەم، گوتیان باشە. هەر لەوێ پرسیاری برا عەرەبەکەشییان کردو دوا داوکاریم ئەوەیە ئەو کوردەی تەنیشتم بەر لەمردنی چاوی بەژن و منداڵەکەی نەکەوێ. !!! بەڵام بەڕێز مام جەلال بۆچی هەر کاتێک بتەوێ (دەشداشەی عەرەبمان دەکەیتەوە بەر) ؟ چۆنت توانی ئەو هەموو مەرگەسەریەت بیر چێتەوە کە بەسەر کورد کوردستان هەت؟!! عێراقی "بەعس" خۆیان شپرزە کردووە، لەجیاتی ئەوەی داوای مافێکی زیاتر بۆ گەڵی خۆیان بکەن. !! گومانی تێدا نییە ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمەی کورد هێشتا پێناسەی سیاسیمان دیار نییە، نەشمزانیوە لە وڵاتێکدا لەچەشنی عێراقی عەرەبی، (نەک ئە وڵاتانەی خاوەنی سیستەمێکی جیاوازتر و پێشکەوتووترن) . بەڵام شوێنی چالاکی لەرووی جوگرافییەوە لە باکووری وڵاتێکی عەرەبییە، بۆیە هەروەکو قەدەری کورد وای داناوە، کە هەردەبێ هەم وەکو نەتەوەو هەم وەکو خاک هەر لەناو نەتەوەو خاکی خەڵکانی تردا بتوێینەوە. ئەوەی یەکێتی خاکی عێراقی عەرەبی بپارێزێت و هەڕەشە لە یەکپارچەیی ئەم وڵاتە نەکرێت و کوردیش نیەتپاکی خۆیان بسەلمێنن کە داوا جیابوونەوە و سەربەخۆیی ناکەن؛ دەبێ بێتە بەشێکی تواوە لە ناو سەندیکای "عەرەبی بەعسی" چونکە نەخشەی عێراقی عەرەبی هەروا لە ئاسمانەوە دابەزیوە لەسەریشی نوسراوە بەپێی یاساکانی ئاسمان کەس (بەتایبەتی کوردکان) بۆیهان نییە دەستکاری ئەو نەخشەیە نکەن. !!! هانی توندو تیژی و تەقاندنەوەو مرۆڤکوژی و وێرانی دەدات و داجاریش هەر سەری خۆیان دەخوات، لەخەمی یەکپارچەیی عێراق دان وبۆ عەرزی عەرەڵاتی لە زۆرکیان لەیواری کوردی بێ پشت و پەنا دیوارێکی نزمتر بەدی ناکەن، تابەسەریدا باز بازێن و تەراتێن بکەن. داخی گرانم جیهانی ئەوپەری دیموکراسیش هەر کاتێ باسی کوردو کوردستان دێتە ئارا، باری دیموکراتیەکەی ئەوانیش لار دەبێتەوە. بەڵام ئێمە رازی نابین چیتر لەناو کلتوورو فەرەنگی داگیرکارانمان بتوێنەوەو مەحاڵیشە قبوڵ بکەین ببینە بەشێک لەسەندیکایەکی تا سەر ئێسقان عەرەب و شۆڤێنی و.... . بەعسی.

سوێد 2006